# شکانی تەلیسمی تەنیایی بە ماچە شیعرێ

ڕەزا کازمی
لەفارسییەوە: فەرەیدوون بێوار
(سلێمانی)

١
شەوێ لەگەڵ تۆ
بەتەنیا بووم
تەمەنێک بێ تۆ
تەنیا
٢
تەنیایی
تۆ دەشکێنێت
خۆت ئاڵێنە
لە لقەکانی منەوە
با سەرقاڵ کەین
٣
بەهار هات و تۆ نەهاتی
بەڵام پەرەسێلکەکان
تۆوی تۆیان هێنا
زەوی جێگەیەکی گونجاو نەبوو
تۆم لەدڵما چاند
٤
هەنار وەرزی نییە
هەر کات تۆ پێبکەنی
ئەو دەترەکێت
٥
من چایەکە لێ دەنێم
تۆیش مێزەکە بڕازێنەوە
دواتر
لەپشت پەنجەرەکانمانەوە دادەنیشین و
بیر لەیەکتری دەکەینەوە
٦
وتت: تاکۆتایی دنیا لەگەڵ تۆم
نەمزانی
ناوی دووەمی تۆ
تەنیاییە
٧
ئەوەندە پڕم لە تۆ
ڕوو بە با بوەستم
لەپشت سەرمەوە
دنیا مەست دەبێ
٨
بەکاتی تەنیایی:
پیاو لەژێر باران جگەرە دەکێشێ



ژن لە پشت پەنجەرەوە
بەڵام نە باران گرنگە و
نە پیاو، نە ژن و نە پەنجەرە
گرنگ تەنیاییە
دەبێتە دووکەڵ
٩
هەستە سەرپێ
جلەکانت بتەکێنە
دەستت بدە من
بڕۆین کەمێ پیاسە بکەین
نیگەران مەبە
کەسێکی تر ناخەنە ناو گۆڕەکەتەوە
١٠
چ ڕووی داوە ئەم هەمووە کوێخوایە، ئەم هەمووە مەست
نەکا دیسانەوە بە هەڵە
عەتری ماچەکانی تۆی بەشارا پەخشان کردبێ
بای بێ ئاگا
١١
پەپوولە نیم، بەڵام
ساڵانێکە بەدەوری خۆما دەخولێمەوەو
دەسووتێم
ڕۆیشتنت لە منا دەڵێی
چرایەکی داگیرساندووە
١٢
هەمیشە هەر ئەوەیە:
تا بگەیت
تەواوی کردوویت
خۆرکەی تەنیایی
١٣
تەنیایی شەقامێکە
کە هەموو ڕۆژێ پیاسەی تیا دەکەم
١٤
چەتری ناوێ ئەم کەشە
تۆی دەوێت
١٥
دایکم دەیوت: دڵتەنگ مەبە
ئەرخەیان بە پەیا دەبێتەوە
بەڵام بەداخەوە کە نازانێت
ونبووی چیرۆکەکە منم
١٦
سوپرایز
هاتنت بوو
نەک ڕۆیشتنت
١٧
دڵم بەجۆرێ گیراوە
تەنانەت بزەکانیشت
چیتر دڵخۆشم ناکەن
خۆزگە هیچ وێنەیەکمان بۆ یادگاری نەگرتبایە
١٨
بێ هۆ جانتاکەت دامەخە
هیچ ڤیتارێ ناوەستێ
بۆ ژنێ کە هێشتا عاشقە
١٩
بە کاتی دڵتەنگی
فەرق ناکات لە هەر کوێ بیت:
لەپشت پەنجەرەی ژوورێکەوە لە پاریس
لەناو ئاپۆرەی شەقامێ لە تاران
یان لەسەر پردێکی جووڵاو لە دارستانەکانی ئەفریقا
بەهەر حاڵ
خۆرنشینێک بۆ سەیرکردن هەر دەبێت
٢٠
تۆ بنکی گوڵێکی سوور
من باخەوانێکی نەشارەزا
تا تۆ بتەوێ بپشکوێی
من هەزاران برینم تێڕاچووە
٢١
لە منا ڕەوە ئەسپێکی کێوی ڕەو دەکات
لە تۆدا ڕووبارێکی هێمن دەگوزەرێ
بەرلەوەی لەتۆ تێپەڕم
لە ئامێزم نێ
دەستەمۆم کە
٢٢
بۆ حیکایەت وتن
بیانوویەکی نەبوو داپیرە
ڕۆیشتنی تۆی کردە بیانوو
مانەوەی منیش چیرۆک
٢٣
من ڕووبارێکی هێمن بووم
تۆیش مناڵێکی لاسار
بەردێکت تێگرت و هەڵاتی
تەمەنێکە خەوم تێکچووە
٢٤
مردن خواستنی ناوێ
خۆی دێت
تۆی کە نایەیت
٢٥
دەرگایەک کە ڕوو بە (هاتن) دەکرێتەوە
پشت لە (ڕۆیشتن) دادەخرێت
تۆ دێیت و
تەنیایی دەڕوات
٢٦
وەکو فیشەک بەنییەتی کوشتن

هاتی و لێت دا و ڕۆیشتی
بێ ئەوەی ئاوڕێ بدەیتەوە و سەیرکەی
ڕەنگە هێشتا گیانی تیا مابێ ڕاوچی!

٢٧

تاران، ئیستەنبۆل، پاریس
جیاوازی نییە لەهەر کوێیەک بی
هەموو شارەکان ناشیرین و خەماوین
بەکاتی دڵتەنگی

٢٨

چ هەستێکی خەماوییە
دەرگایەک کە جێگای (هاتن)ی
بە ڕووی (ڕۆیشتن)دا کراوە بێت.

٢٩

دەرگاکان ڕازی کلیلەکان دەزانن
ژنەکانیش ڕازی عەشق
هیچ کلیلێ دەرگا بەڕووی (ڕۆیشتن)دا ناکاتەوە
کە لەپشتییەوە هێشتا
ژنێکی عاشق هەیە

٣٠

تەتەرێکی باش نییە با
هەموو خەڵکانی شار
نامەکانت دەخوێننەوە
جگە لە من

٣١

تەنیایی
وەکو مۆریانەی دارە
هەندێ جار دەبێ گڕی تێبەردەی

٣٢

چیرۆکی درێژی تۆ
بەکورتی دەنووسمەوە:
هاتی، مایتەوە، ڕۆیشتی

٣٣

دێیت
ماڵەکە ڕووناک دەبێتەوە
دەڕۆیت
ماڵەکە وێران دەبێ
مەگەر تۆ هەورەبرووسکەی؟

٣٤

من ئەسپێکی کێوی
تۆ کێڵگەیەکی سەوز
دەستەمۆم مەکە
بە ماچەکانت
هێمنم کەوە.

٣٥

بۆ ڕێزگرتن لە هەر ڤیتارێ کە لە ڕێگاوە دێت
کڵاوەکەی سەری دادەگرێت
ئەو پیاوەی کە ساڵانێکە
ڤیتارێ دڵی بردووە

٣٦

وشەکان
دانە دانە لێوەکانت دەدوورن
باران
ماچەکانت دەکات بە شیعر
من چ کارەم

٣٧

چەنێ شەرابت کردووەتە چاوەکانتەوە
کە هەموو ڕۆژێ دەستگیر دەکرێم
بەتاوانی مەستی

٣٨

وەرە پێکەوە قسان بکەین
وەکو خۆر لەگەڵ گوڵەبەڕۆژە
تۆ ببێژیت و
منیش لەدەورت گەڕێم

٣٩

تەنیایی
خەوتنی هەموو شەوانی پیاوێکە
لەباوەشی ژنێکا
کە ئیتر نییە

٤٠

تۆم دەوێت
بۆ چرکەساتێ و دواتر
لێگەڕێ تا ئەبەد
هەور داکاتە باران

٤١

بەهێمنی ماچت دەکەم
بەجۆرێ لێوەکانت
وا هەست بکەن خەون بەماچەوە دەبینن

٤٢

عەشق
چ لەدەرگاوە بێت
چ لەدەرگاوە بڕوات
جیاوازی نییە
ماڵەکە پڕ دەکات
لە بۆنی ڕووداو

٤٣

کە ڕووبەڕووی با دەوەستی
لەپشت سەرتەوە
جیهان مەست دەکات
بۆنی زوڵفت

٤٤

نان و شەراب
لە لێوانی تۆدایە

به ماچێک
پیرۆزم که
٤٥
تەواوی خەڵکانی شار
تۆ دەخوێننەوە
تەنیا منم
تۆ دەنووسمەوە
٤٦
بیر لەگەیشتن ناکەمەوە
بیر لە تۆ دەکەمەوە
دەگەم
٤٧
تەنیایی
لقی درەختێکە لە پشت پەنجەرەکەمەوە
هەندێ جار پۆشاکی گەڵا لەبەر دەکات و
هەندێ جار پۆشاکی بەفر
بەڵام هەمیشە هەیە
٤٨
پێکەوە پیاسە دەکەین
خۆر ئیرەیی دەبات
چونکە هیچ کاتێ لەگەڵ مانگ
پیاسەی نەکردووە
٤٩
هەوا ساردە
پەنجەرەکە داخە
خۆم بۆت دەبارێم
٥٠
باران دەبارێ
منیش لە وێستگەی هەمیشەییم
بەپێوە پیر دەبم
بێ ئەوەی بزانم ساڵانێکە
هیچ ڤیتارێ لێرە ناوەستێ
٥١
تەنیایی
واتە باران ببارێت و
تۆیش بەئەندازەی دوو نەفەر
بەتەنیا پیاسە بکەیت

**سەرچاوەکان:**

**(١)**

**ناوی کتێب: سردم است، کمی اواز عاشقانە بخوان**
**ناوی شاعیر: ڕەزا کازمی**
**ناوەڕۆک: شیعر**
**نۆرەی چاپ: چاپی سێیەم**
**ساڵی چاپ: ١٣٩٧ ش**
**ناوی دەزگای چاپ: بڵاوکراوەی نیماژ**

**(٢)**

**ناوی کتێب: چتر نمی خواهد این هوا، تورا میخواهد**
**ناوی شاعیر: ڕەزا کازمی**
**ناوەڕۆک: شعر**
**نۆرەی چاپ: چاپی سێیەم**
**ساڵی چاپ: ١٣٩٦ ش**
**ناوی دەزگای چاپ: بڵاوکراوەی نیماژ**

**ژیاننامەی ڕەزا کازمی**

**شاعیر و نووسەر و هونەرمەند ڕەزا کازمی لەساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی(١٩٧٠ز)، لە شاری تاران لەدایکبووە، خاوەنی دوو بڕوانامەی بکالۆریۆسە.**

**ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی، دەستی بە شیعر و چیرۆکنووسین کردووە. لەساڵی ١٣٧٩ یەکەمین بەرهەمی خۆی بەناوی (عاشقانەهای جنگ) بڵاوکردەوە. لە چەندان فیستیڤاڵ و بۆنەدا خەڵاتی شیعری وەرگرتووە، هەروەها بەشێک لە شیعرەکانی بۆ سەر زمانەکانی (ئەڵمانی و ڕووسی و کوردی و فەڕەنسی و ئینگلیزی و عەرەبی و ئازەری) وەرگێڕدراون، هەروەها چەند پێشانگایەکی هونەریشی لە بوارەکانی وێنەکێشان و خۆشنووسی و کاریکاتێر کردووەتەوە، ئێستایش بەڕێوەبەری بەشی چیرۆکی ماڵپەڕی (اثر)ـە کە بە زمانەکانی فارسی و ئەڵمانی پەخش دەکرێن.**

**هەندێک لە کتێبەکانی:**

**١- چتر نمیخواهد این هوا، تورا میخواهد - شعر.**
**٢- عشق، مرگ مضاعف است - شعر.**
**٣- بانوی قصەهای مادر - شعر.**
**٤- یک سبد خاطره، یک سینه حرف - شعر.**
**٥- کابوس های فرامدرن - مجموعه داستان.**
**٦- عاشقانه های جنگ، - شعر.**
**٧- ته چشم هاش انگار مرگ دست تکان می داد - مجموعه داستان.**
**٨- یک سفر، دو لیوان چای آشغال و مسافری که شبیه تو بود - مجموعه داستان.**
**٩- سردم است؛ کمی آواز عاشقانه بخوان - شعر.**
**١٠- قراربعدی، پای گهواره شعرهام- شعر.**
**١١- شعرهای ممنوعه - شعر.**
**١٢- تا دست بەقلم می برم، سراغ تورا می گیرند کلمات- شعر.**
**١٣- زنی توی سرم حرف می زند - مجموعه داستان.**
**١٤- نگران نباش، این شعرها همه سانسور می شوند- شعر.**
**١٥- پابرهنه تا ماه- شعر.**
**١٦- می رویم گل نار بچینیم، نمی ایی؟ شعر.**